www.kurdistannet.org
17-10-2006 18:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# زیندانی مال و خەونی ئازادی خوێندنگا... نەجات روستی

najatrosty@yahoo. com

"ئۆخەی جارێکیتر دەرگای ئازادیم لێکرایەوەو لە بەیانییەوە تێر دەبم لەو هەموو ژیانە خۆشەی کە بە ئارەزووی خۆمان هاتوچۆو گفتوگۆ لەگەڵدەوروبەرەکەمان دەکەین، ئەوەی لە ناخماندایە بۆ هاوڕێکانمان هەڵیدەبژێرین. "

ئەمە چەند قسەیەکی کچێکی خوێندکارە کە بەر لە دەستپێکردنەوەی خوێندنگا بە مۆبایل پێی وتم. ئەو چەند پەیڤە خۆی دونیایەکە لە ناخی مرۆڤێك کە دەیەوێ سادەترین مافی ژیانی پیادە بکات. ئەگەر لایەنە سایکۆلۆژییەکەی ئەم مرۆڤەو هاوچەشنەکانی بخوێنینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چواردیواری ماڵ زیندانێکە و دایك و براو باوك ئەو پاسەوانانەن کە هەمیشە بەدیار زیندانییەکانەوەن و چاویان بڕیوەتە هەڵسوکەوت و هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ حەز بە ئەنجامدانی دەکات.

قسەی ئەم کچە کە گوزارشتە لە هەزاران کیژی چاوکەژاڵی ئەم وڵاتە، کەسێکە خودی خۆی لەو موعاناتانەدا دەژی و ژیانی ئەویش ڕەنگدانەوەی ناخی سەدان و هەزارانیترە.

کردنەوەی خوێندنگا، ئازادبوونی هەزاران کچە خوێندکارە کە لە چواردیواری ماڵدا ماوەی سێ مانگە ژیان دەگوزەرێنێت. دڵنیام سەدان و هەزاران کچ لەو ساتەوەی ساڵی خوێندن کۆتایی دێت، نەیانتوانیوە بە ئارەزووی خۆیان هاتوچۆی دەرەوەو هەواڵپرسینی هاوڕێکانیان بکەن، ئەوکاتەی ئەو پەیڤانەی سەرەوەی پێوتم، باسی لە چەندین هاوڕی کرد کە لە ماوەی سێ مانگی پشووی خوێندندا، هەواڵیان نازانێ. تەنانەت نەیتوانیوە بە تەلەفۆنیش پەیوەندیان پێوە بکات، بۆیە زۆر خۆشحاڵ بوو کە لە ماڵ ئازاد دەکرێت و لەبواری کارکردنیش ببێتە ڕۆژنامەنوس، چونکە چەندین بیرۆکەی جوان لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو و حەزی دەکرد ببێتە ڕۆژنامەنوس، چونکە هەرئەو بوارە هێندە جورئەت بە مرۆڤ دەدات کە باس لە شتە بقەو قەدەغەکراوەکانی دۆزی ژنانیش بکرێت.

ئەو پێی وابوو دەبێ ڕۆژانێك بێتەدی کە دوور لە چاوی براو باوك و ئەوانیتر، بتوانێ بچێتە چەندین کۆڕی ڕۆشنبیری و شایی و ڕەشبەڵەك و ئازادانە باس لە کێشەو گرفتەکانیشی بکات. ئەمەش ئومێدێکە کە پێویستی بە هەوڵی ئێستایەو وەڵامەکەشی لای ئایندەیە.

ئەم بابەتە:گۆشەیەکی هەفتانەییە لە هەفتە نامەی ژیانەوە (ناڵین) دەنوسری